www.kurdistannet.org
10-10-2006 22:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پێداچوونەوە بە دادگایی فرانس ڤان ئانرات دەستی پێکرد ... ناوەندی چاک – هۆڵەندا

ئەمرۆ دووشەممە 2006-10-09 کاتژمێری 10 ی بەیانی لەشاری دینهاخی هۆڵەندا، پێداچوونەوە بە دادگایی فرانس ڤان ئانرات دەستی پێکرد، شایانی باسە کە لە دوایی بڕیاری دادگای مانگی 12-2005 کەتیایدا دادگا بڕیاری 15 ساڵ زیندانی بۆ فرانس ڤان ئانرات داو تیایدا تاوانبار وەک هاوکار لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان ناسێنرا و هەر بەوتاوانەش سزادرا. دوابەدوای ئەوە پارێزەرانی تاوانبار و دوابەدوای ئەویش وەزارەتی داد داوای ئستنافکردنی (پێداچوونەوە) وە یان بە بڕیارەکەدا کرد، کە تیایدا پارێزەرانی تاوانبار ئەو تاوانەیان بە زۆرزانی و وەزارەتی دادو داواکاری گشتی بە کەمیان زانی!

بەردەمی دادگا بە چەندین دروشم و تراکت و وێنەی قوربانیەکان لەلایەن ناوەندی چاک لەهۆڵەندا ڕازینرابوونەوە کە باسیان لە دووبارەنەبوونەوەی تاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید دەکروو خوازیاری دووبارە نەبوونەوەیان بوون و باسیان لە دادگایی سەرجەم تاوانباران دەکرد. لەسەرەتاوە داگا بەناساندنی لایەنەکانی کێشەکە دەستی پێکرد کەئەوانیش بریتیبوون لە قوربانیەکان و پارێزەرەکەیان خاتوو زێخفێڵد و پاوڵ ودالیا وەک قوربانی و لەولایتریشەوە ڤان ئانرات دوو پارێزەرەکەی، وە داواکاری گشتی (س، ئا، منکس)، لە سەرەتاوە پارێزەرانی تاوانبار داخوازیەکنی خۆیان خستە ڕوو کە بریتی بوون لە هێنانە ناوی زیاتری شایەد، و چەند لێکۆڵەری تازەو، چاوپێکەوتنەوەی دووبارە لەگەڵ زۆرێک لە شایەتەکان و لەوانەش چارلس تەناکا، و لێکۆڵەرەوەیەکی تازە بە ناوی ئسرائیل و خستە ژێر پرسیاری ڕاپۆرت و شایەدیەکانی ڤاندرستووڵ و یونسکۆم و گویگرتن یان لێکۆڵینەوە لەگەل سەدام و عەلی حەسەن مەجید.. و لەکۆتایشدا داوای ئازادکردنی تاوانباریان کرد.. داواکاری گشتی سەرجەمی ئەمانەی وەڵام دایە وەو زۆربەیانی بەبێ بناغە لە قەڵەمدا و هەروەها داخوازیەکانی خۆشیانی خستە ڕوو کە سزای زیاتری تاوانبارو بینینی تاوانبار وەک تاوانباری ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان و ئیمکان نەبوونی ئەم تاوانە بەم پلەیە بەبێ بوونی ئەم ماددانە و ئەم چەکانە کە تاوانبار دەوری سەرەکی تێدا بینیووە، وە ئەوەشی خستەڕوو کە ژمارەیەکی تری شایەد داوەتی دادگا دەکرێن کە لە سوید دەژین و کە زۆربەیان کوردن و لە قوربانیەکانی ڕژێمی بەعسن.

لە بەشێکی تردا پارێزەری قوربانیەکان خاتوو زێخفێڵد سێ داواکاری کرد کە بریتیبوون لە بینینی سەرجەم ڕاپۆرت و بەشداری ڕاستەوخۆ لە شایەدیەکاندا، بینینی دۆکومێنت و لیستی شایەدیەکان و دابین کردنی وەرگێڕی کوردی بە شێوەیەکی باشتر بۆ قوربانیەکان. لە کۆتاییدا داوەر پرسیاری لە تاوانبار ڤان ئانرات کرد کە شتێکی زیاتری لە قسەی پارێزەرەکانی هەیە، تاوانبار ووتی کە شتێکی زیاتری نیە بەڵام داوای بوارپێدانی کۆمپیتەر و میمۆری ستیکی کرد بۆ ناو زیندانەکەی بۆ ئاگاداری زیاتر لە دۆزەکەی. دواتر دادوەر دەست پێکردنی دادگای دواخست بۆ ڕۆژی 2006-10-23 و بریاری خۆشی هەر بۆ هەمان ڕۆژ دواخست و تاوانبار برایەوە بۆ زیندان و ئەوەش باسکرا کە داگایی و بڕیاری کۆتایی لەوانەیە لە هاوینی 2007دا بێت.

ناوەندی چاک – هۆڵەندا